نێچیرڤان بارزانی خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژاپۆن نیشان دەدات

سەرکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە بڕپرسی نوێی نووسینگەی کۆنسوولگەریی ژاپۆن لە هەولێر کرد. بڕپرس ژاپۆنییەکە ئاماژەی بۆ کردووە، وڵاتەکەی بە بایەخەوە لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەڕوانێت.

نیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە 25-05-2025 نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە هیتەشی ئیشیزوکا، بڕپرسی نوێی نووسینگەی کۆنسوولگەریی ژاپۆن لە هەولێر کرد.

سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان لە راگەیندراوەکدا ئاماژەی بۆ کردووە، لە دیدارەکدا "سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، وەڵامی بەخێرهێنان و پیرۆزبایی دەستبەکاربوون، هیوای سەرکەوتنی بۆ بەڕێز بڕپرسی نوێی نووسینگەی کۆنسوولگەریی ژاپۆن لە هەولێر خواست و هەموو پشتگیرییەکی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ سەرخستنی ئەرکەکەی، دووپات کردەوە."

نێچیرڤان بارزانی خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژاپۆن

نیشان دا، ئاماژەی بە دەرفەتی کار و وەبەرهێنانی ژاپۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد؛ هەروەها سوپاسی ژاپۆنی کرد بۆ یارمەتی و پشتگیرییەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

لای خۆیەوە، بڕێی راگرێندراوی سەرکایەتی، ئیشیزوکا دووپاتی کردووتەوە، "وەاتەکەی بە بایەخەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەواڵت، خوازیارە لە بوارە جیاجیاکاندا بەرەو بە هاریکاریی هاوبەشیان بدات،" هەروەها پوختەیەکی لەسەر چالاکیی کۆمپانیا ژاپۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان و بەرنامەی کارەکانی، خستەڕوو.